## زانست، زانستگا، ئاکادیمسین، کورد!!؟




زانست ئەو زانیارییانە دەگرێتە خۆ کە بەڵگە لە پشت، ڕێکوپێککراو، سەلمێندراو و بەرهەمی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بەستێنێکی تایبەت بێت. زانستگا شوێنی فێربوونی زانست و لێکۆڵینەوە، لێکۆڵەرە، توێژینەوە، توێژێنەر، زانستپیشە، فێرکاری زانست و خوێندکاری زانستە. ئاکادمیسین بەو کەسانە گوتراوە و دەگوترێ کە لە زانستگا خویندنیان بە پلەی باکالۆر، ماستر، دوکتورا و باڵاتر تەواو کردبێ و بڕوانامەیان وەرگرتبێ. کورد بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، نەتەوەیە دەگوترێ، کە لە ڕۆژئاوای ئاسیا نیشتەجێن و بە زمانی کوردی یەک لە زمانەکانی هیندوئورووپی دەدوێن و گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت و کیانی سیاسی جیهانن.

پاش شۆڕشی سەنعەتی سەدەی هەژدە و نۆزدە، زانست و زانستگا و ئاکادمسین گرنگی بەرچاویان بۆ هەڵسووڕاندنی، سەنعت، ئابووریی، حکومەت، کۆمەڵگا پەیدا کرد. لە سەدەی یازدە یەکەم زانستگا لە شاری Bolognaی ئیتالیا دامەزرا. ئەمە یەکەم زانستگا بوو کە دوور لە کلیسا و دین دەستی بەکار کرد. کۆنترین زانستگای ئاڵمان لە سەدەی چاردە(١٣٨٦) لە شاری هایدلبێرگ دامەزرا. زۆرینەی ئەو کەسانەی ڕێگایان دەکەوتە زانکۆ و زانستگا منداڵی چین و توێژەکانی باڵای کۆمەڵگا بوون کە دەسەڵاتی ماڵی، سیاسی، زانستی، هونەریی، ئابووریی و سەنعەتییان هەبوو. لە سەدەی شازدە و حەڤدە ڕێگا بۆ بنەماڵەکانی مامناوندی کرایەوە و پاش ئیجباریی کردن، دەوڵەتیکردن و خۆڕایی کردنی خوێندن بۆ وێنە لە وڵاتی ئاڵمان، فێرگە و زانستگا بوون بە شوێنی هەموو چین و توێژەکان و خوێندن لە زانستگا پەرەی ساند ، هەرچەند ئێستاش ئەوەی دەستی باڵای لە ناوەندەکانی گرنگ هەیە، چین و توێژی سەرەوەن کە لە چەند سەدەی ڕابوردوو، گەورەتر و پڕدەسەڵاتتر بوون. ژنان سەرەڕای پێشکەوتن و زانایی بەرزیان لە بواری جیاواز، هێشتا کەمتر و کەمتر لە پۆستە سەرەکییەکان جێگەیان پێدراوە. پرۆسەی جیاکردنەوەی دین لە زانست و زانستگا لە ئورووپا لە سەدەی یازدە دەستی پێکرد و بەرە بەرە پاشەکشە بە کلیسا هێندرا و دەستتێوەردان لە بواری زانست کەم کرایەوە ، هەرچەند ئەمڕۆش کلیسا لێرە و لەوێ خاوەنی فێرگە و زانستگا ماوەتەوە.

یەکەم زانستگا لە تورکیا لە سەدەی پازدە(٣٠ مای ١٤٥٣) لە ئەستانبووڵ دامەزرێندرا. دارافنوون لە تاران لە سەدەی نۆزدە(١٨٥١) دامەزرا. لە هەر دوو وڵات، ئیسلام و دەوڵەت لە فێرگە و زانستگا دەوری گێراوە و ئیستاش دەور دەگێڕێ. لە وڵاتانی ئیسلامی پرۆسەی جیاکردنەوەی زانستگا لە دین و دەوڵەت سەری نەگرتووە، لە باشووری کوردستان دین و دەوڵەت و حزب لە زانستگا و فێرگە دەور دەگێڕن!

**II**

چاپخانە ڕووداوێکی گرنگی سەدەی پازدە (١٤٥٠) لە شاری ماینزی ئاڵمان بوو کە ڕێگای بۆ پەرەپێدان بە بواری زانست، فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیات، خوێندن و نووسین خۆش کرد. لە سەردەمی عوسمانی پێش بە دامەزراندنی چاپخانە گیرا و سوڵتانی عوسمانی ئیزنی نەدا لە بەرانبەر بوونی قورعان، کتێبی تر چاپ بکرێ. چاپخانە لە تورکیا لە سەدەی هەژدە(١٧٢٩) دامەزرا و هەتا ساڵی ١٧٤٢ واتە لە ماوەی سێزدە ساڵ ١٧ کتێب چاپ کران. لە سەرزەمینی ژێر دەسەڵاتی پارس بۆ یەکەمجار چاپخانە کە بتوانێ کتێب چاپ بکات، لە سەدەی ١٩ بوو. واتە ٨٠٠ ساڵ پاش یەکەمین چابخانە لە ئاڵمان و سەد ساڵ پاش وڵاتی عوسمانی. لێرەوە دەردەکەوێ کە تێگەیشتنی زانستی لە وڵاتانی ئیسلامی و لە دوو وڵاتی ئێران و تورکیا چۆن بووە و ئێستا چۆنە!

لە سەدەی ١٩ زیاتر لە ٨٠٪ لە سەدی خەڵکی وڵاتی عوسمانی نەخوێندەوار بوون. لە هەمان سەدە زیاتر لە ٩٠٪ لەسەدی خەڵکانی ناو سەرزەمینی پارس بێبەری لە خوێندن و نووسین بوون. واتە خوێندن، فێرگە و زانستگای دەوڵەتی لە سەدەی بیست دوای پێکهاتنی دەوڵەتی تورکیای ئاتاتورک و ڕەزاشای قەزاق پەرەی ساندووە. ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەک لە وڵاتانی ئیسلامی ساڵانە هەر کەس ٢،٥ کتێب دەخوێنێتەوە، کە ئەویش کتێبی زانستی نییە. لە باشووری کوردستان بە وتەی ڕاپۆرتی مێدیا خوێندکاری زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەن، کە بێزارن لە کتێب خوێندنەوە.

**III**

لە وڵاتانی ئیسلامی، ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان زانستگایان تەواو کردبێ و بڕوانامەیان وەرگرتبێ، تێگەیشتنێکی تایبەتیان لە خۆیان بە بۆنەی بوونی بڕوانامە پەیدا کردووە و کۆمەڵێک لەوان تووشی حاڵەتگەلێک بوون کە حازر نەبن لە گەڵ کەسانێک دابنیشن کە خاوەن بڕوانامەی وەک ئەوان نەبن، تەنانەت لە ناو بنەماڵەکان ئەم لوتبەرزییە گرفتی لە نێوان خوشک و برا و خزم و کەس ناوەتەوە. ئەم تێگەیشتنە ڕێک هەمان تێگەیشتنی دینی و ئیسلامییە کە مەلا و هۆجە و کەسانی ئایینی لە خۆیان نیشانیان داوە و لە لایەک خۆیان لە خودا و پەیامبەرانیان نزیکتر بینیوە و لە لایەکی تر خۆیان لە خەڵکی دەوروبەریان بانتر سەیر کردووە. ئەوان جلوبەرگی جیاوازیان لەبەر کردەوە و لە ناوخۆشیاندا پلە و پایە لە جل و بەرگ و ڕەنگ و نیشانەدا خۆی دەرخستووە.

ئەوە موسڵمان و مووسایی و عیسایی و بودایی و ئەوانیتریش دەگرێتەوە، کە لە ڕێگای جلوبەرگی تایبەت، پلەیەکی بەرزترین لە کۆمەڵگا بە خۆیان بەخشیوە، کە ئەوە کۆمەڵێک لەو کەسانەش دەگرێتەوە کە خۆیان وەک "ئاکادمسین" دەبینن. لە سەدەی هەژدە و نۆزدە و بیست ئەوانەی لە ئوروپا زانستگایان تەواو دەکرد، هەمان چەشن دەجولانەوە و جلوبەرگیان جیاواز بوو. لە هێندێک وڵات ئەم جیاوایە لە فێرگەوە دەستی پێدەکرا و جیاوازی نێوان منداڵانی فێرگەدیتوو و فێرگەنەدیتوو دەخرایە ڕوو، کە دواتر دەبووە بەشێک لە تێگەیشتنی کەسەکە بۆ ئەوەی خۆی بانتر لەو کەنیشک و کوڕانەی گەرەک ببینێ کە بەیەکەوە گەمەیان دەکرد. زۆرجار دایک باوک منداڵی خۆیان مەنع کردووە، خۆیان دوور لەو منداڵانە ڕاگرن کە فێرگە نەدیتوو بوون، ڕێک وەک ئەو منداڵانەی دەچوونە حوجرە و مەلایان لێدەردەهات.

لە سەدەکانی دواتر لە ئوروپا بە تایبەت پاش کۆتایی شەڕی دووهەم، حەولی ئەوە درا ئەم زاهیرسازییە کەم کرێتەوە و وەلابندرێ. ئەم پرۆسە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە زۆر وڵات پرۆفیسۆر و خاوەن بڕوانامەی بەرز، خۆیان وەک خۆیان دەبینن و ئاسایی دەجولێنەوە و کاری سەرەکی خۆشیان دەکەن کە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی و بەشداری لە پێشکەوتنی هەمە لایەن بێ. ئەڵبەت ئەوەش ڕوونە بەشێکی بەرچاو لە پسپۆڕان کە ژمارەیان دەگاتە حەفتا لە سەد، زانست و زانیارییان بە پێی بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و دەکەونە مامەڵات لە تەک دامودەزگای سیاسی، حزبی، دەوڵەتی، تیجاریی، کلیسا، سەنعەتی و شوێنیتر. ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئیسلامی و لە کوردستان لە هەموو بەشەکان بە تایبەت لە باشوور بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و ئەوەش زیانی زۆر بە کەسایەتی زانست پیشەی ڕەسەن و کەسایەتی بە ناو " ئاکادمیسین"ی لەو چەشنە دەگەێنێ.

ئەمڕۆ لە وڵاتی ئاڵمان نزیک ١٩ ملیۆن ئاکادمیسین لە تەمەنی ٢٥ بۆ ٦٤ ساڵ هەیە، ئەمە بێجگە لەو بیست ملیۆن کەسەیە کە تەمەنیان باڵای ٦٤ ساڵە. واتە نزیک بە نیوەی خەڵکی ئاڵمان زانکۆ و زانستگایان تەواو کردووە و کەس لە ژیانی ڕۆژانە و سۆسیال مێدیا جاری ئەوە لێنادا کە ئاکادمیسین و ئاکادمیکەرە. لە سەدەی هەژدە بەو لاوە باو بوو، زۆرینەی ئەو کەسانەی دەرچووی زانکۆ بوون، بە کۆتوشەڵوار و کراوات لە مل دەبیندران، ئێستا زۆربەی هەر زۆری پرۆفیسۆر و فەیلەسووف جلوبەرگی ئاسایی لە بەر دەکەن و زۆرجار لە ڕێوڕەسمی ئیداریی کەمتر دەبیندرێ کەس وکەسان وەک سەدەی ١٨ و ١٩ هەڵسوکەوت بکەن. لەوە دەچێ لە کوردستانی ئێمە کۆمەڵێکی بچووک، بە تایبەت لە سۆسیال مێدیا، تازە بگەڕێنەوە بۆ سەدەی ١٨ و ١٩.

سەردەمێک هەتا سەدەی نۆزدە لە ئاڵمان لە سەر دەرگای ماڵان پیشە و پلەی خوێندنی کەسان دەنووسرا، دواتر ئەم بەزمە کۆتایی پێهێندرا. ئەوەی بۆچی ئەم کۆمەڵە کەسە، لە مێدیا و سۆسیال مێدیا و کۆڕ وکۆمەڵ و لە پێوەندی لە گەڵ حزبی کوردی، سیمایەکی دوور لە سەردەم لە خۆیان دەنوێنن و کەمتر بەرهەمەکانیان دەبنە

پێناسەی بیر وهزر و زانستیان، پرسیارێکە کە گرێدراوی کۆمەڵێک لایەنی فەرهەنگی، تێگەیشتن، بنەماڵە و کۆمەڵگایە، کە هەڵدەگرێ قوولتر لای لێبکرێتەوە.

سەردەمێک دوکتور لە ئاڵمان بە خودای بەرگ چەرمگ(سپی) ناودێر دەکران، ئەمڕۆ زۆرینەی دوکتورەکان خۆیان هاوشان و هاوگفتوگۆی نەخۆشەکانیان دەبینن و لەم ڕێگایەوە پێوەندی نەخۆش و دوکتور، پێوەندی پرۆفیسۆر و خوێندکار، پێوەندی نێوان موعەلیم و خوێندکار لە فێرگە، پێوەندی نێوان دوو ئینسانە کە یەکتر وەک خۆیان دەبینن و بەوەش لە سروشتی یەکتر نزیک دەبنەوە. پێوەندی شێوە کۆنی نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و خەڵک، پێوەندی فەیلەسووف و دیپلۆمات و سەرۆککۆمار و وەکیل و وەزیر و خەڵکی تر ئیتر لە چوارچێوەی کاستەکاندا نەماوە و تیتر بڕوانامە وەپێش پێوەندییەکان ناکەون.
لە یۆنانی کۆن هێندێک لە فەیلەسووفان کە دەیانویست باڵادەستی خۆیان بەرانبەر خوێندکار ڕابگرن وەک "پلاتۆن"، دژی بوونی کتێب بۆ خوێندکار بوون و دەیانگوت" خوێندکار خۆی توانای تێگەیشتنی نییە و دەبێ دایم، ڕاستەوخۆ لە فەیلەسووفەوە شت فێر بێ"، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە فەیلەسووفانی وەک "دیۆگنس" ڕاستەوخۆ لە ناو بازاڕ لە گەڵ خەڵک و تەنانەت منداڵان دەکەوتنە گفتوگۆ و لەوانەوە شت فێردەبوو.

**IV**

لە ساڵانی نەودی زایینی گۆڕان بە سەر خوێندن و چۆنیەتی خوێندن هێندرا و خوێندن لە ڕێگای دوورەوە پەرەی ساند و خوێندکار لە تێرمێکی خوێندن چەند جارێک هاتووچۆی زانستگای دەکرد و هەفتانە لە ڕێگای پۆستەوە بابەتەکانی بە دەست دەگەیشت. گەلێک ئاکادێمی دامەزرێندرا کە ماوەی خوێندیان کەم کردەوە و خوێندکار هەمان پسپۆڕی پەیدا دەکرد و بڕوانامەی پێدەدرا.
بە هاتنە گۆڕێی ئینترنێت و ئاکادێمی و زانستگای ئۆنلاین و هەروەها بڵاوبوونەوەی سەمینار و وانە و کتێب لە ئینترنێت و دەورە و سەمیناری ئۆنلاین، ڕاستەوخۆ چوون بۆ زانستگا و وڵات بەجێهێشتن بۆ خوێندن لە کەمی دا. ئاکادێمی لە چەشنی خان ئاکادەمی khanacademy چەند ملیۆن خوێندکاری هەیە کە بەلاش دەخوێنن.

بە ملیۆنان کەس ساڵانە لە زانستگای ئۆنلاین خوێندن تەواو دەکەن و دەبنە خاوەن بڕوانامە و لە ڕەدەی ئاکادمیسین حیسابیان بۆ دەکرێ. لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابوردوو، دوور لە زانستگا و لە ڕێگای ئینترنێت و پلاتفۆرمەکان کە زۆریان تاکە کەسی و لە لایەن پرۆفیسۆر و پسپۆر و فەیلەسووفەوە بەڕێوە دەچن و زانیاریی بڵاودەکەنەوە و بە شێوەی (ئینترئاکتیڤ) لە بواری هەمە چەشن کەسان پلە و پایەی زانستی و زانیاریی و تەجرووبەی خۆیان دەبەنە سەرێ.
ئەمڕۆ لە زۆر بوار ئیتر بڕوانامەی زانستگا پێویست نییە، ئەوکەسانەی لە Silicon Valley - ئامریکا، ناوەندی جیهانی گەورەترین شیرکەتگەلی وەک مایکرۆسافت، گوگل، ئاپل و ئەوانیتر کار دەکەن، بەشێکی بەرچاویان زانستگا نەچوون یان بەجێیان هێشتووە، بەڵام ئەوان پسپۆڕی ئەو بوارەیان هەیە کە کاری تێدا دەکەن. لە ئاڵمان کەسانێک لە هێندێک بوار لە زانستگا وانە دەڵێنەوە بە بێ ئەوەی خۆیان ڕۆژێک چووبێتنە زانستگا، لە فەڕانسە کەس و کەسان هەن کە هەر فێرگە نەچوون لە ماڵێ لای دایک و باوکیان فێربوون و دواتر خۆیان پسپۆڕییان پەیدا کردووە و ئێستا لە زانستگاکانی ئورووپا وانە دەڵێنەوە. هەر لەم ڕۆژانەدا ئاکامی لێکۆڵینەوەیەک لە ئاڵمان بڵاو کرایەوە کە بەشێکی بەرچاو لەوکەسانەی خوێندنی دەساڵە تەواو دەکەن، بەرەو درێژەدان بە خوێندن و فێربوونی دەورە ناچن و خۆیان دەست بەکار دەکەن. کەم نین ئەوکەسانەی تەمەنیان ژێر هەژدە ساڵ بووە و هەر لە ڕێگای کار و فێربوونی خۆیان، گەیشتوونەتە پلەی بەرز، بە تایبەت لە بواری ئای تی، ئینفۆرماتیک و گەلێک بواری تر.

کەوایە زانستگا و فۆڕمی کلاسیکی خوێندن و فێربوون، بە تایبەت لە سەردەمی KI و AI ڕۆژ بەڕۆژ دەوری دەگۆڕدرێ و دەوری ئاکادمیسینی کلاسیک وەک خۆی نامێنێ و خوێندن و فێربوون و دامودەزگای کلاسیکی وەک زانستگا، تووشی گۆڕانی بنەڕەتی دەبن و زۆرێک لە ئوستادانی زانستگا تووشی بێکاری دێن و کاری ئەوان KI باشترئەنجامی دەدات. هەر ئێستا زۆر لە پسپۆڕانی ڕەدەی دوکتورا و پرۆفیسۆر وڵامی پرسیار و ئانالیزی بابەتەکانیان لە KI وەر دەگرن. کە وایە ئەو کۆمەڵە ئاکادیمسێنەی کورد کە بە فەرهەنگی سەدەی هەژدە و نۆزدە ڕاهاتوون، باشترە بە پەلە خۆیان بگەیننە کۆتایی چارەکە سەدەی بیست و یەک، دەنا دەبێ بۆ ئاشنابوون لە گەڵ

ئەم سەردەمە، بچنە کورسی منداڵەکانی خۆیان، کە خاوەن شیرکەت و ئاکادێمی و ئەنستیتۆ و پلاتفۆرمی ناونەتەوەیین .

ئەمڕۆ لاوانی نێوان ١٣ بۆ ٢٠ دەتوانن پرۆژەی مەزن بخەنە بەر دەست کە خستوویانە و هەر ئێستا لە ئاستی جیهان دەیان و سەدان پرۆژەی زەمینی و مەجازیی لە ئارادایە کە بەرهەمی فکر و بیر و هزری ئەو کەسانەنن. زانیارییەکی تر کە پێویستە ئەم کۆمەڵە کەسە بیزانن ئەوەیە، زۆربەی ئەو کەسانەی "کاشف" بوون و شتێکیان دۆزیوەتەوە و بۆ یەکەمجار بەرهەم هێناوە، زیاتر لە ٧٥ لە سەدیان خوێندنی باڵا و مامناوەندیان نەبووە، کە وایە مێشک لە دەرەوەی "زانستگا"ش کار دەکا و خاوەن مێشک دەتوانێ بڕوانامەی هەبێ و نەبێ و ئیدە و عەمەلی گەورەی لێبکەوێتەوە.

**٧**

تێگەیشتن و خۆ لە پلەی باڵادا دیتنەوە، تەنیا گرێدراوی بڕوانامە نییە، گرێدراوی کەسەکە خۆی و کۆمەڵگا و بارودۆخە. ئەمڕۆ لە ئێران زانستگا لە ژێر ناوی ئازاد و پەیامی نوور و ناوی تر، لە باشووری کوردستان و لە وڵاتانی باڵکان و گەلێک شوێنیتر بڕوانامە دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن و بەشێکی بەرچاوی بەرپرسانی ئێران و باشووری کوردستان لەم ڕێگایەوە خۆیان بە "ئاکادمیسین" دەزانن.

ئایا لە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە زانست و تێگەیشتنی زانستی، تەشەنە دەستێنێ؟ ئایا ئاکادمیسینی ڕەسەن لەو چەشنە کۆمەڵگایانە جێگایان دەبێتەوە؟ یەکێک لە دۆستانی نووسەری ئەم دێڕانە پسپۆڕی بواری نەفت و گاز بوو، هاوکات وەرگێڕێکی زمانی ئینگلیسی و دەرچووی یەکێک لە زانستگاکانی ئامریکا بوو. ساڵی ١٩٨١ پرۆژەیەکی نەفت و گازی بردبووە بەر دەم جێگری وەزیر، کابرا گەڕابۆوە و ئەم ڕستەیەی گوتبوو" برادر این چیزها چیه می نویسد، بروید و ذهنتان را پرواز بدهید".
" ئێران، وڵاتی گوڵ و بولبول!" لە سایە سەری جێگر وەزیر و وەزیری لەو چەشنە، گەیشتۆتە ئەو جێگایەی لە پایتەختەکەی ئاو دەست ناکەوێ، بەشێکی وڵاتەکە وشک بووە، سەرجەم ئابووریی، زانست تێکقڕماوە. وەزعی باشووری کوردستان لەوان باشتر نییە، کە هەر لە سەرەتاوە وەک ئەوان جوڵانەوە و پێشیان بە دەیان پرۆژەی زانستی گرت، کە یەکیان پرۆژەیەکی هاوبەش لە نێوان ئاڵمان و کوردستان بوو.
ئاکادمیسین، سیاسی و پسپۆڕی حزبی و حکومەتی نەیانتوانیوە گرفتەکانی ناوخۆ و دەرەوەیان چارەسەر بکەن و نەیانتوانیوە و نەیانویستووە، ئاو و کارەبا و کار بۆ خەڵک دابین بکەن. ئەوە مێژوویی سەد و بیست ساڵی ڕابوردوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان و "ئاکادمسینی کورد" دەگرێتەوە کە خۆیان بەشێک لە گرفت بوون و ئێستاش ئاکادمسینی کورد ئەو دەورەیان نەگێڕاوە، بۆ وێنە وەک خزمەکانیان، واتە ئاکادمسینی جوو کە نەتەوەیەکی ئاوارەیان گەڕاندەوە سەر سەرزەمینی باب و باپرانیان و وڵاتێکیان ساز کرد کە زۆرترین ئاکادمسینی بە جیهان بەخشیوە و زیاتر لە شەست و پێنج لەسەدی خەڵاتی نۆبێلیان پێبەخشراوە و هەر ئێستا لە زۆر بواری زانستی پێشکەوتوون.

ساڵی ١٩٨٩ هەژار موکریانی لە شاری بۆن لە دانشتنێکی چەند کەسی باسی ئەوەی کرد کە ئەوان و ڕۆشەنبیرانی سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد پییانوابووە، وەدواکەوتوویی و شکستی یەک لە دوای یەکی کورد، نەبوونی خوێندەواریی بووە. ئەو گوتی" خوێندەوارمان زیادی کرد، بەڵام ئەوانیش وەک خانەقا و موریدی خانەقایان لێهات و هەرکەس بوو بە مریدی ئەم شێخ و ئەو شێخ." مەبەستی ئەو لە شێخ و خانەقا حزب و بەرپرسانی بوو.

ڕاستییەکی تری خوێندەوار و ئەو چەشنە لە "ئاکادمیسین" ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاویان لە خزمەت حکومەتەکانی ئێران و عێراق و سوریا و تورکیە بوون و هەر ئێستاش لە ناو ئەو سیستەمانەدا ئەم کەسانە لەمپەرەن و لەمپەر بوون لە سەر ڕێگای گەیشتن بە مافی کورد. بەشی دووهەم لە ناوخۆ و دەرەوە لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕابوردوو، نەیانتوانی لە بواری ڕێکخستن و دامودەزگا سازکردن چ لە بواری پیشەیی خۆیان و چ لە بواری نەتەوەیی سەرکەوتوو بن. لە هیچ شوێنێکی کوردستان( باشور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) و دەرەوەی وڵات تێگەیشتنی گشتی و ڕێکخراویی کوردستانی بوونی نییە و ئەوەش کە بوو لە ژێر سایەی حزب و "ئاکادمسینی حزبی" سەرئەنجامیان نەبوو.

یەکیەتی خوێندکارانی کورد(١٩٥٦)، کۆنگرەی نەتەوەیی(بلژیک)، (لەندەن)، دەیان کۆنگرەی هونەرمەندان، نووسەران، کارسازان، ئاکادمیسین و دەیان ڕێکخراو سازکران و بێ ئاکام مانەوە. ئەوە ناوخۆی وڵاتیش دەگرێتەوە و لە هیچ شوێنێک لە هیچ بوارێکدا، ڕێکخراوەی کوردستانی بوونی نییە. هەژار گوتەنی خانەقا و مورید و موراد بۆتە بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەیەک بە ناوی کورد کە هەر لە کۆنەوە دابەشکراوە بە سەر زاراوە، ئایین، ناوچە، بیروباوەڕ، عەشیرە، گرووپ و دەستەی هەمەجۆر و هەمەڕەنگی ناکۆک لە گەڵ یەک. ئاکادمسین یەکێک لەم گرووپانەن کە خەریکی سازکردنی کاست خۆیانن.

مخابن بەشێکی بەرچاو لە ئاکادمیسێنی کارساز و خاوەن ئەزموون و پرۆژە، لە وڵاتی خۆیان جێگایان نەبۆتەوە و ئەمڕۆ لە ئامریکا و کانەدا و ئورووپا دوور لە هەڵا و هەنگامەی حزبی، سۆسیال مێدیا، حکومەت و دەوڵەت و دەستە و گرووپ لە هەموو بوارەکاندا کار دەکەن و هێندێک لەوان بە پێی پیشەیان لە ناوخۆ و دەرەوە هاوکاری خەڵک دەکەن.  هەر ئەوان لە دەرەوەی وڵات ناوی خۆش لە وڵاتەکەیان بە وڵاتانی نیشتەجێ خۆیان و جیهان بخشیوە. ئەمانە نە پێویستیان بە مێدیای نائازاد و گرێدراوی ئەم حزب و ئەم دەزگا هەیە و نە هەڵاوهەنگامەی سۆسیال مێدیا و کۆمەڵگای دەستەمۆکراو.
ئاکادمسین و نائاکادمسین و هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا لە هەر ڕەدە و پلەو پایە، دەبوو و دەبێ لێهاتووی و ئیمکانی خۆیان بۆ ڕزگاری خۆیان و وڵات و نەتەوەکەیان بەکار بهێنن و زانست و پسپۆڕیان بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەی ڕزگاریی بخەنە کار.
لە بیست ساڵی داهاتوو گۆڕانکاریی مەزن بە سەر جیهان دادێت و کورد دەرفەتی زۆری نەماوە، بەردەوام خەریکی گەمەی سیاسی لە ناو خۆی و  دەوروبەری بێ، سیاسەتێک کە لە پاش کۆتایی شەڕی یەکەم بەردەوام نوشستی و شکەستی لەدوا بووە و ئێستاش درێژە دەدرێ. کورد و پسپۆڕ و ئاکادمسین و شارەزا، گەرەکە جیهانی ئەمڕۆ، کورد و کوردستان و جێگە و پێگەی بناسن و خۆیان و نەتەوە و کوردستان وەک هێزێک ببینن کە لە ناوچە و جیهان دەور بگێڕێ. ئاکادمسین گەر هەموو وەک "جوو" تێگەیشتنی هاوبەشیان بۆ ڕزگاری خۆیان و وڵات و خەڵک و نەتەوەکەیان هەبێ، بێ گوومان دەتوانن دەوری کاریگەر بگێڕن و خەڵک و حزب و دامو دەزگا و گرووپەکان لە یەک گرێدەن و کۆلێکتیڤێکی هەمەلایەن پێکبێنن. ئەوان با وەک دیۆگنیسەکان بێنە مەیدان.
وەک ئەو حەوت ئاکادمسینەی بوونە هۆی ڕزگاری نەتەوەی جوو!

برایم فەڕشی
٢٠٢٥/٧/٢٣